**کوردو عەرەب برایە...**

**سامان کەریم – کفری**

**لەپێشی هەمووتانەوە، بۆخۆم قەت بڕوام بەو قسەیە نەبووەو نییەو ناشبێت.. چونکە وەك چۆن دەبینم هەر لەمنداڵییەوە کە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەم و فلیم کارتۆنەکەی (تۆم و جێری)دەبینم، نەمبینیوە ئەو دووانە لەو ماڵەدا پێکەوە بژین، هەر شەڕیان بووەو داویان بۆ یەکدی ناوەتەوە.. برایەتییەکەی کوردو عەرەبیش هەر وایە؛ زۆر وترا، زۆر کرا، هەنگاوی زۆر نرا، بەڵام کێ توانیویەتی بەرد بەئاسانی بتوێنێتەوە.. قەت عەرەبێکمان نەبینی ڕۆژێ لەڕۆژان لەدڵەوە بڵێ کوردو عەرەب برایە، ئەوە هەر کورد بووە دەیڵێت و دەیڵێتەوەو هەر بۆخۆیشی گوێ لەو ئاوازەی دەگرێت! ئەگینا نە ڕابردوو و نە لەئێستاداو نە دواڕۆژیش، هەرگیز بڕوا بەوە ناهێنم کە عەرەبێك لە ڕق و کینەو بەچاوی سووك ڕوانینەوە زیاتری پێبێت بۆ ئێمەی کورد..**

**ئەوەتا لەعێراقێکدا کە بەشێکی وڵاتەکەی خۆشمانی پێوە لکێنراوە، هەشتا ساڵی ڕابردوو هەر عەرەب کوشتووینی و چی خراپە پێی کردووین، نەشمان بینی دەستێکی برایەتیمان بۆ ڕاکێشێت ئەگەر بە درۆشەوە بێت!!؛ ئێستاش هەر وایەو وایش دەبێت؛ بەدەستی خۆم نییە، بڕوام بەو عێراقی هیواو ئاشتی و پێکەوەییە نییە کە لەدوای سەدامەوە باسی لێدەکرێت، بڕوام بەوە نییە بەراز لە پێستی خۆی دەرچێت و عەرەبیش لەکەلی شەیتان بێتە خوارەوەو گوێ بۆ (پێکەوە ژیان)ەکەی کورد بگرێت.**

**وەك نمونە گوێ بۆ ئەم حیکایەتەش بگرن کە ڕەنگە لە کەشکۆڵی زۆربەتاندا لەمە خراپتر هەبووبێت: مامۆستایەکی خەڵکی کفری بەناوی (ن . س) دەیەوێت بچێت بۆ بەغدا، لەڕێی (عوزێم) چەتە عەرەبەکان ڕێی پێدەگرن و سەیارەکەی لێدەستێنن و بەرەڵای دەکەن؛ مامۆستا دەچێتە پۆلیسی عوزێم بۆ ئەوەی سکاڵا تۆمار بکات، لەوێ دوای ئەوەی دەزانن کوردە، پێی دەڵێن بۆچی هاتوویت؟ ئەڵێت: چەتەو ڕێگر ڕێیان پێگرتووم و سەیارەکەیان لێسەندووم. کەچی پۆلیس پێی دەڵێن: چۆن وا دەڵێیت، ئەوانە موجاهیدن چونکە کورد دەکوژن، بۆت نییە بڵێیت چەتەو ڕێگر!! چۆنی دەگێڕمەوە، وا بووە؛ پۆلیسەکانی عێراقی هیواو ئاشتی بەچەتەو ڕێگر دەڵێن موجاهید چونکە کوردی هەڵگری دروشمی پێکەوەژیان و برایەتی کوردو عەرەب دەکوژن و ڕووت دەکەنەوە.. کەواتە ئەمجارەشیان بەڵێ وایە کوردو عەرەب برایە!!.**